مەهاباد قەرەداغی

# دەڵێی لە سروشتی تۆدا سیحری هەیە!

هێندەی گڕکان بە بڵێسە نەسووتابام
هێندەی هەتاو بە زمانی نیانی تیشک نەدووابام

هێندەی ئەڤین تامەزرۆی ژووانی نەبام..
چۆن دەمتوانی
ملوانکەیەکی پەنگر بم بۆ گەردنی یادگارییەکانی سبەینێ
واژەی پرشنگ بم لە پەرتووکی دیرۆکێکی داهاتووت
یەزدانێکی میهرەبانی زێدی دەروونی من نەبای،
چۆن دەمتوانی
پەیامبەرێکی دڵهێنەر و دڵبەر بم،
دڵی تۆ لەگەڵ هی خۆمدا موتوربە کەم
ئەم گەردوونە پڕ ئەفسوونەی لێ چێ بکەم.
...
گەنجینەی تۆ ئەوەندە بە گەوهەری سۆز زەنگین نەبا،
باخچەی ناخت، هێندە بە گوڵی نەمریی ڕەنگین نەبا،
چۆن دەمتوانی
دوای نقومبوونێکی لەمێژ لەناو شائۆقیانووسی نەست،
دوای سەرخۆشبوونێکی تەواو بە پێکی هەست
بە بەرامەی مێخەکی ئومێد بێمەوە هۆشی خۆم و
ببمەوە بە شاژنێکی هەسارەی نوێ
شاژنێکی سواڵکەر لەبەر دەروازەی وەرزێکی ئاگرلەئامێز
ببمە لاوژەبێژێکی گەشتیاری هۆشیار.. بەبێ سرتە ، ستران بچرم،
تۆش بە گوێی ڕۆح گوێت لە سەدای گۆرانیم بێ
شاعیرێکی قەلەندەر بم،
بە پێنووسی سەهەندەیی نیگاری ناز بکێشم و،
بە میلۆدی چرپەکانم، هەرچیم بوێ
لە سەر نەواری تامەزرۆی تەمەنی تۆ تۆمار ببێ!
...
هێندەی لاوک بەسۆز نەبای
هێندەی مەتەڵ پڕ لە پێچی لۆچ و پەنای ئاڵۆز نەبای

هێندەی چاوانی سەروەری پڕ لە نیگای شکۆ نەبای ..
چۆن دەتتوانی لە وەرزەکانی هەڵوەرین چوون سەرووبەکی سەوداسەر
هەڵکشێی بەرەو لای هەور و..
لە بانێژەی ئاسمانەوە تەماشای شەیداییم بکەیت
تۆ تەماشا..
دەڵێی لە سروشتی تۆدا سیحرێ هەیە و ،
جگە لە من کەس نایبینێ ئەو جادووە
دەڵێی لە چاوتا دەریایەک موگناتیست هەڵگرتووە
دەڵێی لە دەروونتا نهێنی ئارامی و
لە ڕۆحتدا گیانی شەکەتم خەوتووە
تۆ سەیرکە چۆن،
لەبەردەم پەرستگای حەسرەت،
تەلیسمی تەماشاکانمان لە خۆیانەوە گڕ دەگرن
کە دەست بۆ دەستی تۆ دەبەم،
واژەکان دەبن بە باڵندەی سەراب و.. لەسەرووی هەورەوە دەفڕن
سکڵی سوورن بارانی وەرزی مەراق و..
ئێمەش دوو کەسی بێ چەترین، لە بەر شەستەیدا دووش دەکەین
دوو کەسی ڕووت، بێ دەمامک ، نامەیەکی کراوەمان پێیە بۆ "ئەو"
بەدەم فڕینەوە دەیبەین.
...
ئەگەر تۆ لە دایک نەبای،
نەدەهاتم.. چیم دابوو لە جیهانێکی بێ تۆ ، بێ تام، بێ بۆن
ڕێم نەدەکەوتە گەردوونێ سیحری میهری تێدا نەبێ
لە وێندەرێ دەمامەوە، لە وێندەرێ
لە سەربانی ماڵی بێ دیواری نەبوون.
لێرە نەبای،
ئەم گووزەرەم نەدەناسی
چیم دابوو لە ئۆقیانووسەکانی حەسرەت
نە تیشکێکی تیا دەخەوێ،
نە گوڵ لە کەناریا دەڕوێ،
نە دەبێتە نیشتیمانی ئێمە و ماسی
بۆیە هاتم،
تنۆکێ تیشک هەواڵی بوونی تۆی دامێ، گووتی: لێرەی

باڵندەیت و، لەسەر هەورێکی هاویندا هێلانەت بۆم چێ کردووە
چ ئەفسوونێ، چ گەردوونێ، چ پەیامێ؟
دەتگووت مەملەکەتی سیحرە و، تەنها بۆ عەشق دروست بووە
بەپەلەپەل ، نەمزانی چۆن لەدایک بووم،
بە تاو بەرەو ڕووی بوون هاتم
بە خێرایی بروسکە گەورە دەبووم و
بەسەر بەردەبازی ڕووداو بازم دەدا،
بە سەر پردی کارەساتدا دەپەڕیمەوە و، دەهاتم
تا زوو بە وەرزی وانەکانی سەوزبوون، بە مێرگی خەوبینین بگەم
لەوێش لە بەر بای وەشتی هەناسەیەکی قووڵی تۆدا
بەدەم پیاسەو سەماوە کۆلارەی ئەڤین هەڵبدەم.
...
ئەفسووس هێشتاش درەنگ کەوتم، فریای ئەو وەرزە نەکەوتم
حەیف، درەنگ لە دایک بووم؟
تا من هاتم.. ساڵەکان پێچرابوونەوە
گوڵەبەڕۆژەکان گەچرابوون و، بەلارەملی شەوگاریان دەدواند
تاقە دەونێکی پیریان لێ جێ مابوو دارستانی سەوزی سەروو
هەموویان کۆچیان کردبوو، هەموو، هەموو
بەرەو ناشوێن.. بەرەو جوگرافیایەکی وێڵ
تۆیش و منیش
لەناو بیری یەکتریدا لێکدی ون بووین
تا من هاتم .. گەنجینەی گەنجێتیمان بە تاڵان برا
کاتێکیش کە گەڕاینەوە.. عەشقمان درا.. هیچمان پێ نەبرا.
...
خوایەکی هێندە بەخشندە و عاشق و میهرەبان نەبای
چۆن لە دوای وەرزی تاعوون و بومەلەرزە
لە ژێر داروپەردووی ڕووخاوی تەمەندا،
وەک کانیلە دیسانەوە هەڵدەقووڵای
چۆن دوای سەدەکانی مەراق، ڕەونەقت دەدایەوە بە ئەندێشەم و،
چۆن ئامێزی وێرانکراو دەبووەوە بە باوەش و
باوەش دەبوو بە لانک و، تۆش دەبوویتەوە بە منداڵ
دەڵێی لە سروشتی تۆدا سیحرێ هەیە؟
وەک ئەو سیحرەی دەروونی خۆم، کە دەگاتە ئەودیوو سروشت

وەکو ئەو ڕازە پیرۆزەی ئێوارەیەک بەرگەی تەنیایی نەگرت و،
لەبەرچاوی هەردووکماندا دەستی لە خۆی چوو.. خۆی، خۆی کوشت.

...

2004/11/02

تیرەسوێ